سوپای ئیسرائیل باری نائاسایی راگەیاند و ناوەندەکانی خوێندن داخران

ئەمڕۆ شەممە سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند کە زەنگی ئاگادارکەرەوەی بە هێی ئێگێری هێرشی موشەك بەرەو ئیسرائیل دەنگی دایەوە.

لە بەیاننامەیەکی سوپای ئیسرائیلدا هاتووە : بەهێی ئێگێری هێرشی موشەك بەرەو ئیسرائیل زەنگی ئاگادارکردنەوە لەداوە، ئاماژەی بەوەشکردووە، قوتابخانەکان لە ئیسرائیل داخراون،

ئیسرائیلییەکانیش ڕێنمایی دراون لە ماڵەوە کاربکەن، هێروەها کەبوونەوەی گشتی قەدەغەکراوە.

کەبوونەوە لە سەرتاسەری وڵات و ئامادەبوون لە دامەزراوە پەروەردەییەکانیش قەدەغەیە.

هاوکات میدیاکانی ئیسرائیل باسیان لە داخستنی تەواوەتی ئاسمانی ئیسرائیل کردووە و فڕۆکە مەدەنییە بیانییەکان کە لە ڕێگای ئیسرائیلدا بوون بە هێی بەردومانەکەو گەڕانەوە بە دواوە.

ئاژانسی هەواڵی فارس پشتڕاستی کردەوە کە چەند مووشەکێك لە شەقامی جامعە و ناوچەی جمهوریە لە تاران کەوتووەتە خوارەوە.